# راگەیەندراوی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕ سەبارەت
# بە بوونی حیزب و ڕێکخراو لە کوردستان دا

**بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان**

**خەڵکی بەشەرەفی کوردستان !**

**ڕووناکبیرانی دڵسۆز و بەئەمەك !**

**گەلی کورد بۆی نەلواوە وەك هەموو یان زۆربەی گەلانی دنیا بگاتە قۆناغی رزگاریی نیشتمانیی و سەربەستیی نەتەوەیی ، یا ئەگەر لە رابردووی دووردا شتێکی وای بە خۆوە دیبێ دوژمنان تەختیان لێ وەرگێڕاوە و بەو مەرەدەیان بردووە کە ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین. بەڵام سەرەڕای پیلانی ناحەزان کاروانی خەبات لە رەوت نەکەوتووە و لە دەرفەتی لەباردا و لە رۆژی رەش و شەوی سامالْ دا قۆرت و پێچی هەورازی شۆڕشی بڕیوە و بەرەو لوتکە ملی لێناوە . ئەوانەی لە سرووشتی ژیان و سوننەتی بوون تێدەگەن دەنگی تەپڵی سەرکەوتن لەدوورەوە دەبیستن و گوێیان لە زرینگەی زەنگی کاروانە بەرەو مزڵی ئامانج ، چونکە دەزانن ئەوانەی زەوی بە میرات وەردەگرن بەندە چەوساوە و کارچاکەکانن.**

**چۆنیەتی وەگەڕخستن و ڕێبەریی کردنی بزووتنەوەکان بەندبووە بە کات و شوێن و بارودۆخی سیاسیی جیهانی و باری کۆمەڵایەتی وئاییینی ناوچەکەوە ، بە دەربڕینێکی دیکە دینەمۆ و میکانیزمی راپەرین و هێزە راپەریوەکان هەڵخراوی دەستی بارودۆخ بووە.**

**لەم سەردەمەدا بەزۆری داخوازە گشتیی و جەماوەرییەکان لە زمان پارت و تاقم و ڕێکخراوەکانەوە دەدرکێن و ئاپۆرەی جەماوەریش پشتگیریی دەکەن، کەوابوو بوونی حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا لە کوردستان شتێکی نامۆ و بێ جێ نییە. گەلی کورد بۆ وەدەست خستنەوەی مافە پێشێلکراوەکان لە تێکۆشان بەردەوامە و ئەو تێکۆشانەش پێویستی بە بزوێنەرێکی بەهێز هەیە کە ئەو بزوێنەرە لەم هەل و مەرجەدا دەکرێ تاقم و کۆمەڵە تۆکمە و ڕێکخراوەکان بن .**

**مانایەکی سادە و روون وئاشکرای پارت و ریکخراو یەکخستن و گەشەپێدانی تواناکانە بۆ راپەڕاندنی ئەرکێکی گرنگ کە پێوەندی بە کۆمەڵ و کۆمەڵگاوە هەیە و چاکیی و خەراپیی دەستە و تاقمەکانیش لە ئامانج و ئەتواریان دا دەردەکەوێ نەك لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك لەدەوری یەك بە مەبەستی حیزبایەتی.**

**ئەگەر بە چاوێکی کراوەتر سەیری پارت و ڕێکخراوان بکەین دەبێ بە دیاردەیەکی پیرۆز و هێمای بەرەوسەرچوونی ئاستی گەشەی کۆمەڵی دابنێین. بوونی ڕێکخراو بەمانای بوونی کۆمەڵێك مرۆڤی لێهاتوو و فیداکار و رووناکبیرە کە بیریان لە شپرزەیی گەلەکەیان کردۆتەوە و لانی کەم لە بوارێکەوە ڕێگەیەکیان بۆ دەربازبوون دۆزیوەتەوە و دەیانەوێ خۆشیی و ژیانی خۆیان بکەنە قوربانیی بۆ سەرفرازێی گەل و وەڵاتیان .**

**لە روانگەی ئایینی یەوە دەستە و کۆمەڵە دەکرێ لە دوو بەش دا پۆلێن بکرێن: دەستەی خواپەرستان و تاقمی پەیڕەوانی حەزە شەیتانییەکان. لەبەر رووناکی ئەم راستییەدا دەتوانین بانگی خەڵکی موسوڵمان بکەین بۆ دەست گرتن بە پەتی ئیمانەوە و کۆبوونەوە لە کۆمەڵی بەهێزدا، کە دەستی قودرەتی خوای گەورەی لەگەڵە، و بەرە و ئامانجە پیرۆزەکان ملی رێ بگرن.**

**نیوەی دوهەمی سەدەی بیستەم کوردستان گۆڕەپانی تەڕاتێنی پارت و ڕێکخراوەکان بوو لە هەموو چەشنێك، خوێندنەوەیەکی مێژوو شوێنەواریان لەسەر باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاستی گەشەی بیری نەتەوەیی بە هەردو لایەنی چاك و خراپیدا، زۆر بە کەڵکە بۆ تێگەیشتن و بەراوردکردنی خێر و شەڕیان و دابەش کردنیان و هەڵبژاردنیان. پێویستی بەردەوام بوونی خەبات و تێکۆشان لە سەرانسەری ئێراندا بۆتە ماکەی لەدایکبوونی چەند ڕێکخراوی سەرانسەری کە ناوەندی سەرهەڵدان و تێکۆشانیان لە ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە نیزیك بووە. زۆرتریش داکۆکیان لە سەر مافی ئەو خەڵکانە کردووە کە سەر بە خۆیان بوون و لە پەراوێزدا و بە**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شێوەی کاتی و بە شێوەی تاکتیکی جارجار ئاوڕیان لە گەلانی دیکەی ئێران داوەتەوە. زۆر جاران بیندراوە ئەم ڕێکخراوانە کاریگەریی خەراپ، یان پێچەوانەیان لەسەر بزوتنەوەی کورد و کوردستان بووە.

ئەم چارەکە سەدەی دوایی کوردستان کۆمەڵێك پارت و ڕێکخراوی ناوچەیی بەخۆوە دی کە دەکرێ بڵێین هێندێکیان بە هەوێنی خۆماڵی هەوێن کرابوون و هەندێکیشیان لەسەر بنەمای بیر و هزری دەرەکی دامەزرابوون. هەرکام لەمانە شوێن پێی لەسەر خاکی کوردستان دیارە و هەموو پێکەوە بە قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێدەپەرین. ئەو کەسانەی بیر لە حیزب حیزبێنە دەکەنەوە حەق وایە بەوردی و بە ویژدانەوە مێژووی ئەم ڕێکخراوانە موتالا بکەن و بەبێ دەمار گرژیی لەسەر بیر و بۆچوون و ، ڕێباز و ئاما نجەکانیان هەڵوێستە بکەن و بڕیاری خۆیان بدەن.

پێویستە سەرنج بدرێ ئەم دەستە و تاقمانە بۆچی دروست دەکرین و مەبەست لە هێنانە مەیدانیان چییە؟ ئەگەر دروست کردنی حیزبێك بەپێی پیلانی دوژمنانی کورد بێ و بۆ چەواشەکاریی بێ، دۆست و دوژمن دەزانن ئەم فێڵ و تەڵەکانە تام و بۆنیان نەماوە و ڕەنگ و ڕواڵەتیان کاڵ بۆتەوە. دوژمن و دۆستەکانیان و دەستەکانیان لەهەر بیچم و قەوارەیەکدابن دەناسرێنەوە و بەو مەکرە ناتوانن لە پرستیژی ڕێکخراوە تێکۆشەرە خاوەن پێشینەکانی ناو بزوتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان کەم بکەنەوە.

ڕادەی کاریگەریی ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان بە باری چاکی دا لەسەر پرسی نەتەوەی کورد لە ڕابوردودا هێندە زەق و بەرچاو نییە کە ئەمڕۆ روناکبیرانی کورد بەهەر بەهانەیەکەوە بێ لە ڕیزی ئەو حیزب و ڕێکخراوە تازە بابەتانەدا جێ بگرن کە لەلایەن خەڵکانی سەر بە گەلی باڵا دەستەوە ساز دەکرێن و ڕێك دەخرێن. گەنج و لاوی کورد چۆن دەبێ خۆ بهاوێنە ناو ئەو گێژاوانە و چینێکی دیکەش ببنە دەستە چیلەی ئاگرێك کە تین و تاوی بۆ داگیرکەرانە و دوکەڵەکەشی بچێتە چاوی رووت و برسی کوردەواری.

ئاوڕێکی کورت بۆ سەر ڕابوردوی نزیکی ئەو ڕێکخراوانە و ئەو کەسانەی کە خزمەتیان پێ کردوون، دەری دەخا ئەو کوردانە نەك نەیانتوانیوە داکۆکی لە مافەکانی گەلی خۆیان بکەن بگرە زمان و کەلتوری خۆشیان گۆڕیوە تا متمانەیان پێ بکەن. زۆر جاران لە ڕێی ئەو کەسانەوە هێرش کراوەتە سەر گەلی کورد و مەبەستە پیرۆزەکانی.

ئێمە لە ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان داوا لە هەموو کەسایەتییە بوێرەکان و لاوە بە هەست و خەمخۆرەکانی کورد دەکەین لە هەر چین و توێژێك بن لە دەوری ڕێکخراوێك کۆ ببنەوە کە بیر و باوەڕی ئایینی و نەتەوەیی ئەو گەلە بپارێزێ و ڕێز لە هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ بگرێ، سووربێ لەسەر دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد. دەبێ هەموو لایەك بزانن کۆمەڵ و دەستەیەك دەتوانێ خزمەتی گەلەکەی بکا کە لەو گەلە بێ و بۆ هەموو بایەخە ئایینی و نەتەوەیی یەکان ڕێز دابنێ. گەلی مسوڵمانی کورد چەوساوەی دەستی نەتەوە باڵا دەستەکانە و بە پێی پیلانی زۆر ورد نیشتمانەکەی دابڕدابڕ کراوە، هەر کەس بەهەر ناوێکەوە دژایەتی ئایین و نیشتمان و نەتەوەی کورد بکا نەك ناکرێ و ناتوانێ خۆی بە دڵسۆزی ئەو گەلە بزانێ و بناسێنێ بەڵکو ڕیسواو مایە پووچ دەردەچێ.

خەڵکی بەشەڕەفی کوردستان! رووناکبیرانی تێکۆشەر! ئێستا کە جەستەی کرمۆڵ و گەندەڵی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دا بەرە و لاوازی دەچێ و ووشکەڵی لە پەل و پۆکانی دەرکەوتووە، ئەرکی سەرشانی ئێوەیە کە لەم ئاڵ و گۆڕانەدا بە قازانجی گەل و وەڵاتی خۆتان کەڵك وەرگرن و هەوڵ بدەن هێز و تواناکانتان لە ڕیزی پتەو و تۆکمەدا ڕێك بخەن، هیممەت بکەن و کۆتی دیلی و ژێرچەپۆکی بپسێنن، دایکی نیشتمان چاوی لە هەڵمەتی ئێوەیە ، مێژوو دڵی کردۆتەوە تا خامەیەکی پیرۆز ئازادیی کورد و ئاوەدانی کوردستانی تێدا بنووسێ. بەسە بێگانە پەرستی و پاشخان نشینی و پاشخان خواردن.

سڵاو لەو کەسانەی بۆ تاوێك دڵسۆزانە بیر لە چارەنووسی گەلەکەیان دەکەنەوە.

ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران

خاکەلێوەی 1380 ی کۆچی هەتاوی

ئاپریلی 2001ی زایینی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com